# بەرەو کۆنگرەی 6 ی حزبی شیوعی کوردستان

**نادر عبدالحمید**

1- ئاگا پرێس: وەک هەستی پێدەکرێت لە هاوکێشە سیاسیەکانی ئیمڕۆی کوردستاندا پێگەی حیزبی شیوعی کوردستان لاوازە. هۆکارەکانی ئەو لاوازیە چین؟

نادر عبدالحمید: جێگەوڕێگەی سیاسی حیزبی شیوعی کوردستان (حشک).

بۆ گەڕان بەدوای هۆکارە ئەسڵیەکانی ئەم پێگە لاوزەدا، پێویستە پرسیارەکە ڕیشەیی تر بخرێتەڕوو: ئەم حزبە لە بەرواری دامەزراندیەوە هیچ کاتێك پێگەیەکی بەهێزی نەبووە لە هاوکێشە سیاسیەکانی کوردستاندا، هۆکارەکان چین؟ ویا بە جۆرێکی تر، لەگەڵ ئەوەدا لە مێژووی کوردستاندا و لە هاوکێشە سیاسیەکاندا، (حشک) هەمیشە پێگەکەی لاواز بووە، بەڵام ئەم ڕەوەندی لاوزیە لەباتی ئەوەی چارسەر بکرایە کەچی هەمیشە کێرڤەکەی ڕووی لە خوارەوە بووە و بەرەو لاوازی هەرچی زیاتر چووە، لێرەوە پرسیار بکرێت لە هۆکارەکانی؟.

ئەڵبەتە پرسیاری جدی تر ئەوەیە کە حزبێکی شیوعی بۆ بەدوای پێگەیەکی بەهێزەوەیە لە هاوکێشە سیاسیەکانی کوردستاندا؟ ئایە بۆ ئەوەی کێشێکی قورسی سیاسی هەبێت تا بتوانێت سولْح و سازان بێنێتەدی لە نێوان حزبە قەومیەکانی کوردستاندا و ئەویش لەژێر سێبەریاندا بحەوێتەوە؟ یا بەدوای هەڵپێچانی دەسەڵاتی گەندەڵ و ملهوڕانەی ئەو حزبانە و هێنانەدی سۆشیالیزمەوەیە؟ جا لێرەوەیە کە وەڵامەکان جیاواز دەبن بۆ پرسیارەکە.

فاکتۆری هەرە ڕیشەیی لە بەهێزی و لاوازی هەر حزبێکدا، بە پلەی یەکەم پەیوەست بوونی حزبەکەیە بە بزوتنەوە کۆمەڵایەتیە سیاسیەکانەوە، بەپلەی دووەمیش ڕابەری لێهاتووە، بەپلەکانی تریش کادری بەرجەستە، ژمارەی ئەندامان، ئیمکاناتی مادی و میدیایی و هێزی چەکدار و پەیوەندیە نێونەتەوەییەکانە ... هتد. لێرەدا فۆکوس دەکەینەسەر خاڵی یەکەم.

(حشک) بەردەوامی (ڕێکخراوی هەرێمی کوردستان)ی حزبی شیوعی عێراق (حشع)ە، و ئەو مێژووەشی لە ناو هەناوی خۆیدا هەڵگرتووە، بۆیە بۆ دەستنیشانکردنی هۆکارەکانی پێگەی لاوازی ئیمڕۆی، ناچار دەبین بگەڕێینەوە بۆ مێژوویەکی کۆنتر لە حوزەیرانی 1993، کە ساڵی دەسپێکی فەرمی کارکردنیەتی وەک حزبێکی سەربەخۆ، تا بزانین چ سیفات و تایبەتمەندیەکی لە مێژووی (حشع) بەمیرات بۆ ماوەتەوە.

ئەگەر ئاوڕێک لە ڕابردووی حزبی دایک (واتا حشع) بدەینەوە، نەک بە مەبەستی هەڵسەنگاندن بۆ جۆری ئەو شیوعیەتەی کە نوێنەرایەتی دەکات، بەڵکو بۆ دیاری کردنی کێشی ئەو حزبە لە هاوکێشە سیاسیەکانی ئەو کاتەی عێراقدا، (چ بەر لە ڕوخانی پاشایەتی لە ساڵانی چل و پەنجاکانی سەدەی بیستدا، وە چ لە سەردەمی جمهوریەتی یەکەمدا (1963-1958)، دەبینین لێکهەڵپێکراوە و گرێی خواردووە بە پێنج بزوتنەوەی کۆمەڵایەتی سیاسی (کرێکاری، جوتیاری، لاوان و خوێندکاران، ژنان، سەربەخۆیی نیشتمانی دژی ئیمپریالیزمی بریتانیا). هێز و توانای ئەم حزبەش لێرەدا بووە.

ئەو پێنج بزوتنەوانە بە هێز و توانای خۆیان هاتنە مەیدان و حزبی شیوعیان خستە سەر قەڵاندۆشکانی خۆیان، وەک ڕابەری خۆیان ناساندیان، بەڵام لەو چرکە ساتە هەستیارە مێژووییەدا، کە بەدوای ڕوخانی ڕژێمی پاشایەتی هاتبۆ ئاراوە لە عێراقی 1958دا، نەگرتنەدەستی دەسەڵات بە مانایەک کۆتایی بەتەمەنی سیاسی ئەو حزبە هێنا. دروست هەروەک سکرتێری "یەکیەتی" (مام جەلال) لە ئێستادا لە ژیاندا ماوە، (تەمموزی 2016) لەباری جەستەییەوە لە ژیاندا ماوە، بەڵام لەدوای نەخۆشیەکەیەوە (دیسەمبەری 2012) تەمەنی سیاسی کۆتایی هاتووە. جا (حشع)یش وەك لاشەیەکی ڕێکخراوەیی و حزبی لە ژیاندا ماوە، بەڵام تەمەنە سیاسیەکەی دەمێکە تەواو بوە. ئەو حزبەی ڕابەر و ڕێکخەری بزوتنەوە جەماوەریەکان بوو، لەدوای 1958 وە (بە دەربڕینێکی مارکس): <u>لاشەیەکی مردووی سیاسیە بەسەر شانی کرێکاران و بزوتنەوە جەماوەریە شۆڕشگێرەکانی عێراقەوە</u>، سەنگینی دەکات و دەست و پێی گرتوون.

ئەگەر لەو ڕوانگەیەوە بگەڕێنەوە سەر پرسیارەکەمان و بەدوای هۆکارەکانی لاوازی و ئیفلیجی ئەو مناڵەوە بین (حشک) کە لەو لاشە مردووە (واتا لە حشع) پاشەکەوت بووە، وە پێوەری (معیاری) لاوازی و بەهێزی هەر حزبێکیش لەوانە (حشک) بەوە هەڵبسەنگێنین کە تا چ ئەندازەیەک خۆی لێکهەڵپێکاوە بە نارەزایەتیەکانی جەماوەری ستەم دیدە و بزوتنەوە

ئازادیخواز و پێشکەوتووخوازەکانی کۆمەڵگەوە، ئەوا لێرەدا هەنگاوێکمان هەڵهێناوەتەوە ڕووە و وەڵامی ئەو پرسیارە بۆ دەستنیشان کردنی هۆکارەکانی لاوازی پێگەی (حشک).

جاران لەسەردەمی ڕژێمی (بەعس)دا، هەر بزوتنەوەیەکی ناڕەزایەتی و هەر خۆپێشاندانێک کە لە کوردستاندا سەری هەڵبدابایە، بزوتنەوەی کوردایەتی و حزبە قەومیەکانیش هەم تیا مەوجود بوون و هەم بەشێک بوون لە ڕێکخستن و ڕابەرایەتیشی، بەڕاددەیەک کە ئەو ناڕەزایەتیانەی شار و شارۆچکەکانی کوردستان بەدژی دەوڵەتی ناوەندی بەغدا لە چوارچێوەی ئاسۆ و ئامانجەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی و حزبە قەومیەکاندا لە قاڵب درابوون، بۆیە لەو سەردەمەدا ئەستەم بوو جیاوازی بکرێت لە نێوان بزوتنەوەی کوردایەتی و بزوتنەوەی ناڕەزایەتی و خۆپێشاندانەکان.

بەڵام لە 1991 و بەتایبەت لە 2003 بەدواوە بزوتنەوە ناڕەزایەتیە جەماوەریەکانی خەڵکی کوردستان و شەپۆلی خۆپێشاندانە یەک لەدوای یەکەکان، ڕاستەوخۆ دژی دەسەڵاتی حزبە قەومیەکانی کوردستانە و یەخەی ئەوان دەگرێت. لێرەوە ئەو یەکانگیر بوونەی زەمانی بەعس بەسەرچووە، <u>بزوتنەوە ناڕەزایەتیەکان و خۆپێشاندانەکان لەلایەک و بزوتنەوەی کوردایەتی و حزبە قەومیەکانیش لەلایەکی ترەوە بوون بە دوو قوتبی دژ بەیەک</u>.

بۆیە ناکرێت هەم لەگەڵ بزوتنەوەی کوردایەتی و لە "بەرەی کوردستان"ی حزبە قەومیە دەسەڵاتدارەکاندا بیت و هەم لەگەڵ بەرژەوەندی خەڵکێکدا بیت کە خۆپێشاندان دەکەن و بزوتنەوەی ناڕەزایەتیان وەڕێخستووە بەدژی هەر ئەو حزبە قەومیە دەسەڵاتدارانەی کە مافەکانیان پێشێل دەکات. ناچاریت لە نێوان ئەو دوو قوتبە دژ بەیەکەدا قوتبێکیان هەڵبژێریت، کە (حشک) بەرەی کوردستانی و دەستێکەڵاوکردن لەگەڵ حزبە قەومیەکانی هەڵبژاردووە. ئەمەش نە پڕوپاگەندەیە دژی ئەو حزبە و نە تۆمەت خستنە پاڵیەتی، لە خوارەوە بە بەڵگەوە دەیسەلمێنین.

هەمان ئەو ڕۆڵەی کە حزبی دایک (حشع) هەیبوو لە 1973 بەدواوە کە لە "بەرەی نیشتیمانی"دا بوو لەگەڵ حزبی بەعس و دەسەڵاتەکەی، وە کادر و ئەندام و هەڵسوڕاوانی (حشع) خەجاڵەتیان دەکێشا لەبەردەم ناڕەزایەتیە جەماوەریەکان و ئەو زوڵم و ستەمە نەتەوایەتیەش کە ڕژێمی هاوپەیمانی (حشع) دای سەپاندبوو بەسەر خەڵکی کوردستاندا، ئێستا (حشک)یش لەمڕۆی کوردستاندا هەمان جێگەوڕێگەی حزبەکەی دایکی هەیە، ئەویان لە بەغدا لە "بەرەی نیشتیمانی" حزبی دەسەڵاتدار و ئەمیان لە هەولێر لە "بەرەی کوردستانی" حزبە قەومیە کوردیە دەسەڵاتدارەکاندا.

ئەگەر چاوێک بخشێنینەوە بە ڕابردووی 23 ساڵی (حشک)دا، دەبینیت ئەو حزبە بەشێک لە "بەرەی کوردستان"ی حزبە قەومیەکان و "دارودەستەی فەرمانڕەوا" یان بەواقعی "سێبەر و کلکی دەسەڵات" بووە، ئەرکی خۆشی بەوە داناوە کە بەرگری لەو ئەزمونە "دیموکراتی"یەی هەولێر بکات و هەوڵبدا لە کەموکوڕی و گەرد و خەوش پاکی بکاتەوە.

چەند بەڵگەیەك:

1. لە ئۆگۆستی 2006 دا، (حشک) لەبەرەی ناڕەزایەتی و شەپۆلی خۆپێشاندانەکاندا نەبوو، ڕۆڵی حزبێکی ئۆپۆزیسیۆنیشی نەبینی کە بەیاننامەیەک دەرکات و لایەنگری لە خۆپێشاندان و خواستەکانی جەماوەر بکات، بەڵکو لەگەڵ شەش حزب لەوانە هەردوو حزبی دەسەڵات (پارتی) و (یەکیەتی) بەیاننامەیەکی هاوبەشیان دەکرد، کە دوو خاڵی جەوهەری تێدا بوو بۆ هێورکردنەوەی ناڕەزایەتیەکە و خۆپێشاندانەکان؛ ئەویش لایەک هەڕەشە بوو لە جەماوەری ڕاپەڕیوو، لەژێر پەردەی سەرکۆنەکردنی هەڵمەتی توندوتیژی جەماوەر بۆ سەر دامەزراوەکانی دەسەڵات و بارەگاکانیان، لە لایەکی تریشەوە بۆ چاوبەستەگی جەماوەر، بە زمانێکی لوس بەڵێنی چاکسازیان دابوو.
2. هەروەها لە کاتێکدا کە بزوتنەوەکەی ناسراو بە بزوتنەوەی (سەردەشت عوسمان) لە ساڵی 2010 دا سەری هەڵدا، وە دوای ئەویش بزوتنەوەی 17 ی شوباتی 2011 بەڕێکەوت و دەسەڵاتی کوردی شەلاڵی خوێنی کرد و پاشان سەرکوتی کرد، ئەم حزبە (واتا حشک) بەشێك بوو لە حکومەت و قسەکەری فەرمی حکومەتەکە بوو. دیارە حزبێک (وەزارەتی ڕۆشنبیری) لە حکومەتدا هەبێت و ئەندامی مەکتەبی سیاسیەکەی (قسەکەری ڕەسمی حکومەت) بێت، چۆن دەتوانێت ئیدیعای نوێنەرایەتی بەرژەوەندیەکانی خەڵک بکات و بەشێك بێت لە ناڕەزایەتی جەماوەر کە بەدژی ئەو دەسەڵاتە هاتوونەتە مەیدان و خوێنی ڕشتون؟ دروست بەپێچەوانەوە ئەم حزبە لە پاڵدەستی حزبەکانی دەسەڵاتدا وەستابوو، نەک بەو مانایە کە دەستی سور بێت بەخوێنی قوربانیەکان، بەڵکو بەو مانایە کە ڕاوێژکار و ئامۆژگاریکەری ئەو دەسەڵاتە بوو بۆ چاکسازی. واتا وەرگرتنی جێگەوڕێگەی لیبڕاڵێکی خێرخواز لەناو دەسەڵاتدا.

کاتێك حزبێكی شیوعی بەشداری وەزارەتێک دەکات و دەبێتە قسەکەری ڕەسمی حکومەتەکە، کاتێك جێگەوڕێگەیەک وەردەگرێت لە ناو دەسەڵاتێکدا کە سەرکوتی هاوڵاتیان و جەماوەری ئازادیخواز دەکات، بێ پێچ و پەنا، ئەو حزبە و ئەو شیوعیەتەی نوێنەرایەتی دەکات لە لیبراڵیەت و ڕاستڕەوی، لە کۆنەپەرستیەت بەولاوە شتێکی تر نابێ.

لیبراڵیەت و کۆنسێرڤەتیڤ (بەزمانی کوردی کۆنەپەرست) بوونی ئەم جۆرە لە شیوعیەتی (حشک) لێرەدایە کە ڕابەرایەتیەکەی ئاگاهانە بەدوای هێنانەدی چاکسازی کۆمەڵگەوەیە لە هاوپەیمانەتیدا بە دەسەڵاتێکی گەندەڵ و سەرکوتگەر، ژنکوژ و پیاوسالارەوە، نەک لە پەیوند بە ڕێکخستن و ڕابەرایەتی جەماوەری بێبەش و نارازی بەدژی ئەو دەسەڵاتە.

پارەوپولێک کە ئەم حزبە بەناوی بودجەی حزبەکانەوە وەریدەگرێت لە حکومەتی هەرێم و ئیمتیازێکیش کە ڕابەرانی ئەو حزبە لێی بەهرەمەند بوون، لە ڕاستیدا هەقدەستێکی "حەڵاڵی" ئەو جێگەوڕێگە لیبرالیە، ئەو نۆکەری و خزمەتکاریەی ڕابەرانیەتی لە ڕاوێژکاری و پرۆژە پێشکەش کردن بۆ دەسەڵات. هۆکاری ئەسڵی لاوزی پێگەی ئەم حزبەش لێرەدایە.

(حشک) بەپێچەوانەی قوناغی یەکەمی مێژووی حزبی دایکی خۆی واتا (حشع)ی ساڵانی چلەکان و پەنجاکانی سەدەی بیست و سەردەمی جمهوریەتی یەکەم، کە حزبێکی خۆشەویست، پڕ نفوز و بەهێز بوو چونکە لێکهەڵپێکراو بوو بەو پێنج بزوتنەوانەوە لە عێراقدا، کە لەسەرەوە ئاماژەمان پێداون، (حشک) حزبێک نەبووە و نیە کە لێکهەڵپێکراو بێت یان بووبێت بە بزوتنەوە نارەزایەتی و بەرحەق و شۆڕشگێڕەکانی کوردستانەوە. واتا (حشک)، منداڵی پەروەردەی دەستی (حشع)ی ئەو ساڵانەی چل و پەنجاکانی سەدەی ڕابردوو نیە، بەڵکو منداڵی پەروەردەی لاشە مردووەکەی (حشع)ە و بەدیاریکراویش کۆپیەکە لە خەتی (نەهجی) سیاسی (حشع)ی (1973)ی هاوپەیمانی بەعس لە بەغدا، ئەمیش لێرە لە هەولێر. (حشک) خاوەن میراتی (حشع)ی ساڵانی چل و پەنجاکانی سەدەی ڕابردوو نیە، بەڵکو میراتگری 1973 کەیەتی.

ئەوەش بڵێم، کە ئەندامان و هەڵسوڕاوانی (حشک) وەك هاوڵاتیانی سادەی کۆمەڵگەی کوردستان لەناو خۆپێشاندانەکان و ئەو بزوتنەوە جەماوەریانەدا مەوجود بوون و کار و چالاکیشیان ئەنجامداوە، ئەمە جێگەی دەستخۆشی و ڕێزلێنانە. بەڵام ئەوە نابێتە پاکانەی سیاسەتی ڕەسمی وەیا هەڵوێستی ڕەسمی حزبەکەیان کە دروست پێچەوانەی ئەوان بووە. حزبەکە بە فەرمی و بە واقعی لەناو بەرەی دەسەڵاتدا بووە، لە حاڵێکدا نارەزایەتیەکان و خۆپێشاندانەکان، توانیویانە ئەندام و کادر و چالاکوانانی (حشک) کێش بکەنە ناوخۆیانەوە بەدژی دەسەڵات. پەندێکی کوردی هەیە دەڵێت (خوا کاری وا دەکات بەندەش خەجاڵەت دەبێ). جا (حشک) نەك نوقتە قوەتی ئەندام و کادر و هەڵسوڕاوەکانی، بەڵکو بەپێچەوانەوە، مایەی ئیحراجیان بووە، هەربۆیەشە بە هەموو گیانفیداکاری و لەخۆبوردیەکی ئەوانیشەوە، کێرڤی حزبەکە هەر بەرەو خوارە.

بەکورتی هۆکاری سەرەکی و ڕیشەیی لاوازی پێگەی ئەم حزبە، خەتی (نەهجی) فکری و سیاسی، جێگەوڕێگە سیاسیەکەیەتی لەپاڵ حزبی قەومی دەسەڵاتدار لە هەولێر، کە ڕۆڵی ڕاوێژکاری دەبینێت وەك لیبراڵێک، وە لەدەرەوەی خۆپێشاندانەکان و بزوتنەوە نارەزایەتیە جەماوەریەکاندایە کە ڕووبەڕووی ئەو دەسەڵاتە خۆماڵیە بونەتەوە.

پرسیاری هەرە جدی ئەوەیە، ئایە دەکرێت حزبێکی وەک (حشک) کە لەباری سیاسیەوە لیبراڵێکی کۆنسێرڤەتیڤ و ڕاستڕەوێکە، وە دەستی قایمکردوە لە کلکی دەسەڵات و ڕابەرایەتیەکەی ئیمتیازگەلێکی زۆری وەرگرتووە، بەڵێ ئایە دەکرێت حزبێکی ئاوا لە کلکایەتی کردن بۆ دەسەڵات هەڵبقەندرێت، جێگەوڕێگەکەی بگوازرێتەوە بۆ ناو بزوتنەوە نارەزایەتیەکان تا لەم پێگە لاوازەی بێتەدەرەوە؟ ئەمە پرسیارێکی واقعیە لەبەردەم کادر و ئەندام و هەڵسوڕاوانی ئەو حزبە کە نایانەوێت حزبەکەیان لەو جێگەوڕێگە شەرمەزاریەدا ببینن و خەجاڵەتی بکێشن لەبەردەم بزوتنەوە نارەزایەتیەکانی کوردستاندا، هەروەک شەرمەزاری و خەجاڵەتکێشانی کادر و ئەندامانی (حشع) لە 1973 بەدواوە.

2- ئاگا پرێس: حیزبی شیوعی کوردستان بە نیازە لە مانگی سەبتەمبەردا کۆنگرەی [6] ی خۆی گرێبدات. بەبڕوای بەڕێزت گۆڕانکاری گەورە لە کۆنگرە ڕوودەدات، یا لەسەر هەمان مەتۆد بەردەوام دەبێت؟

نادر عبدالحمید: هیچ تەحدایەکی جدی ڕووبەڕووی حزب و کۆنگرەکەی نەبۆتەوە.

نارەزایەتیەکی تەشکیلاتی لە ڕیزەکانی ئەو حزبەدا هەیە، کە لە ڕۆژنامەکان وماڵپەڕە ئەلیکترۆنیەکاندا وەک وتار و بابەت بڵاو دەکرێنەوە، وە لە فەیسبوکیشدا وەك دەردەدڵی هەڵدەڕێژرێن، بەڵام هێشتا نەگەیشتوتە ئەوەی کە خەتێکی فکری-سیاسی جیا لەو خەتەی ڕابەرایەتیەکە پەیرەوی لێدەکات، گەڵاڵە کرابێ بۆ حزبەکە و بۆ ئەم کۆنگرەیە. بۆیە

ئاسۆیەکی فکری سیاسی جیاواز نابیندرێت کە توانیبێتی ئەو نارەزایەتیانە کۆبکاتەوە لە شکڵی فڕاکسیۆنێک و بزوتنەوەیەکی تەشکیلاتی لەناو حزبەکە و بیەوێت لەناو کۆنگرەدا شتێک بکات.

ئەگەر پێشتر فڕاکسیۆنێک لە خەتێکی فکری و سیاسی جیا شکڵی گرتبا، ئەوا دەکرا چاوەڕوانی گۆڕانکاریەک بکرێت. فکر ناکەم نەک هەر لەم ماوە کەمەی پێش کۆنگرەدا، بەڵکو لە ئایندەیکی نزیک و مامناوەندیشدا ئەوە شکڵ بگرێت، ئەویش بەحوکمی پاشخانێکی فکری سیاسی کە ئەو حزبە هەیەتی، وەك دەڵێن "لەم قورە هەر ئەم تەپوتۆزە هەڵدەستێت".

مەبەست لە گۆڕانکاری گەورە چیە؟ ئایە گۆڕینی سەروکەڵـەی ڕابەرایەتی و دەموچاوەکانە یان گۆڕینی خەت (نەهج)ی سیاسی حزبەکەیە؟ زۆر ڕەخنەی فکری و سیاسی لێرەولەوێ خراوەتەڕوو لەلایەن کادران، ئەندامان و دۆستانی ئەو حزبەوە کە جێگەی دەستخۆشانەن، بەڵام ئەوە کۆکردنەوەی دەوێت تا بەرجەستە بکرێتەوە لە خەتێکی ڕادیکاڵ و ئاسۆیەکی شۆڕشگێڕانەدا و بخرێتە بەردەم کۆنگرەکە. بەداخەوە دەستپێشکەریەکی ئاوا نابیندرێت، بۆیە <u>هیچ تەحدایەکی جدی ڕووبەڕووی حزب و کۆنگرەکەی نەبۆتەوە تا چاوەڕوانی گۆڕانکاری گەورە لە کۆنگرەی شەش بکرێت</u>.

بەڵام نەفی ئەوە ناکرێتەوە کە ڕابەرایەتی لەژێر فشاری ئەو نارەزایەتیانەدا کەمێک ئاڵوگۆڕی شکڵی بهێنێتەدی، هەندێ سەروکەڵـە و دەموچاوەکانی ڕابەرایەتی ئاڵوگۆڕیان بەسەردا بێت، ئەوەش هیچ بەهایەکی مێژوویی نابێت. ئەوەی بەهای مێژووی دەبێت ئەوەیە کە ئاسۆیەکی فکری سیاسی جیا لەوەی ئێستا ڕابەرایەتی ئەم حزبە دەستی پێوە گرتووە و بۆتە خاوەن ئیمتیاز لە ڕێگەیەوە، بخرێتە بەردەم کۆنگرەکە و حزبەکە و خەبات بکرێت بۆ ساغ کردنەوەی تا حزبەکە لە هاوپەیمانەتی (وە بەواقعی کلکایەتی) حزبی دەسەڵاتدار بپچڕێندرێتەوە و کێش بکرێت بۆ ناو بزوتنەوە نارەزایەتیەکان بە دژی خودی ئەم دەسەڵاتە.

ڕەخنەی مارکسیستی هەر لە جێگەوڕێگەی چینایەتی و خەتی سیاسی حزبەکە نیە بەتەنها، بەڵکو لەو ڕەخنانەشە کە ڕووبەڕووی ڕابەرایەتی و حزبەکە دەکرێنەوە و نەیانتوانیوە ئاسۆیەکی شۆڕشگێڕانە و خەتێکی سیاسی ڕادیکاڵ، جیا لە ئاسۆی زاڵ و خەتی سیاسی فەرمی حزبەکە بخەنەڕوو، وە تاکو ئەمەش نەهێتە ئاراوە چاوەڕوانی گۆڕانکاری گەورە لەو حزبە و لە کۆنگرەکەی لە شوێنی خۆیدا نابێ.

3- ئاگا پرێس: چ بوارێک زۆر گرنگەکە حزبی شیوعی کوردستان هەڵوێستەی لەسەر بکات و لەدوای کۆنگرە بیکاتە بەرنامەی سەرەکی کارەکانی؟

نادر عبدالحمید: خستنەڕووی ئاسۆیەکی فکری سیاسی جیاواز ، پێویستە بکرێتە بەرنامەی سەرەکی.

من هیچ قسەیەکم نیە بۆ (حشک) وەك حزب، ئەوەی کە هەمە قسەیەکی هاوڕێیانەیە لەگەڵ کادر و ئەندام و هەڵسوڕاوانی حزبەکە. تا ئەو شوێنەی پەیوستە بە حزبەکەوە ڕەخنەی فکری-سیاسی و چینایەتیم هەیە و لێرەدا لە چەند گۆشەیەکەوە خستوومەتەڕوو. بەڵام ئەو بورانەی کە زۆر گرینگە هەڵوێستەی لەسەربکرێت، چ پێش کۆنگرە وەیا لەناو کۆنگرە و دوای کۆنگرەش، لەلایەن ئەو کادر و ئەندام و هەڵسوڕاوانەی کە دڵسۆزانە و لەخۆبوردوانە چالاکن، ئەوەیە کە ڕەخنەکانیان لە ڕەخنە لە ڕابەرایەتی و گۆشەوکەناری حزبەکە بەرز بکەنەوە بۆ ئاستی خستنەڕووی خەتێکی فکری سیاسی جدی و جیاواز لەو خەتە فکری سیاسیەی کە ئێستای حزبەکەیان لەسەری دەڕوات. خەتێك کە لە ڕەنگدانەوەی نارەزایەتیە کۆمەڵایەتیەکان، مانگرتن و خۆپیشاندانە جەماوەریەکان بێت دژی دەسەڵات، نەك خەتێک بێت ڕاوێژکاری دەسەڵات.

ئەڵبەتە ڕەخنە لە ڕابەرایەتی و گۆشە جیاجیاکانی چالاکی حزب بەرهەقە، بەڵام نە کافیە و نە یەکلاکەرەوە. ئەوەی لە چارەنوسی ئەو حزبەدا یەکلاکەرەوەیە، خستنەڕووی ئاسۆیەکی فکری سیاسی جیا لەوەی ئێستایە کە پێویستە کادر و ئەندامان بیکەنە بەرنامەی کاری سەرەکیان و خەبات بکەن بۆ جێگیر کردنی لەناو حزبدا پێش کۆنگرە و دوای کۆنگرەش.

هەر کادر و ئەندام و هەڵسوڕاوێکی ئەو حزبە ئەگەر خۆی سەر بە شیوعیەتی مارکس و ئینگلس و لینین دەزانێت ئەوا پێویستە لەو سەرچاوە ئەسڵیانەی دامەزرێنەرانیەوە مانای شیوعیەت تێبگات و سیاسەتی پێبکات، نەك لە سەرچاوەی ستالین و سیاسەتمەدارانی دەولەتی پێشوی سۆڤیەت و نوسەرەکانیانەوە، نەك لە خەتی سیاسی (حشع)ی هاوپەیمانی بەعسەوە.

4- ئاگا پرێس: پێگەی چەپ لە کوردستاندا بەردەوام بەرەو لاوازی دەڕوات. هۆکارەکانی ئەم لاوازیە چین و حیزبی شیوعی تەحەمولی چەندی ئەم شکستی و لاوازیانە دەکات؟

نادر عبدالحمید: ئەم پرسیارە دوو بەشە. من لەبەشی دووەمەوە دەستپێدەکەم.

a) چەپ بوون ئیدیعای فکری و سیاسی نیە، هەڵگرتنی ئایدیۆلۆژیەکی دیاریکراویش نیە، بەڵکو جێگەوڕێگەیەکی واقعی و عەمەلی سیاسیە، کە حزبێکی دیاریکراو هەیەتی لە چرکە ساتێکی مێژوویدا، لەناو کۆمەڵگەیەکی دیاریکراودا، وە لە پەیوەند بەو کێشانەوە کە یەخەی هاولاتیان و بزوتنەوە ناڕەزایەتیەکانی ئەوانی گرتووە.

ئەگەر لەم ڕوانگەوە بگەڕێینەوە سەر (حشك) دەبینین ئەو حزبە لە مێژووی بیست و چەند ساڵی ڕابردووی کوردستاندا بە شێوەیەکی واقعی و عەمەلی لەو جێگەوڕێگەیەدا نەبووە. هەروەکو لەسەرەوە زۆر نمونەمان هێناوەتەوە کە (حشک) لە بەرەی بزوتنەوە ناڕەزایەتیەکان و شەپۆلەکانی خۆپێشاندانی جەماوەریدا نەبووە بەدژی دەسەلاتی خۆماڵی و کوردەواری، بەڵکو لە بەرەیەکدا بووە لەگەڵ حزبە قەومیە دەسەلاتدارەکانی کوردستان کە ئەو بزوتنەوانەیان سەرکوت کردوە.

بەم مانایە (حشک) بەشێک نەبووە لە بزوتنەوەی چەپ، تا بەرپرسیاریەتیەکی هەبێ لە شکست و لاوازیەکانی. تەنها ئەوە نەبێت کە ڕواڵەتی فکری و ئایدیۆلۆژی ئەو حزبە، هەروەها مێژووی خۆشەویستی (حشع) لە چلەکان و پەنجاکانی سەدەی ڕابردوو، وای کردوە ئازادیخوازان و هەڵسوڕاونێکی دڵسۆز وابزانن ئەم حزبە میراتگری (حشع) ی چلەکان و پەنجاکانە و چەپە، وە ئەمەش ببێتە سودوەرگرتنێکی خراپی ئەو حزبە تا ئەوان بەدەوری سیاسەتە ڕاسترەوە لیبراڵ کۆنسێرڤەتیڤەکەی خۆیدا بهێڵێتەوە و ڕێگەیان لێبگرێت لەوەی ئاسۆیەکی فکری سیاسی ڕادیکاڵ و شۆڕشگێر وەرگرن لەناو بزوتنەوە ناڕەزایەتیەکاندا، بەدژی ملهوڕی، گەندەڵکاری و سەرکوتی دەسەلاتی بۆرژوازی کوردەواری خۆلاتی.

گەرچی کادر و ئەندام و هەڵسوڕاوانی سەر بە (حشک)، حزبەکەی خۆیان بە چەپ ناوزەد دەکەن و لە هەڵبژاردنە لۆکاڵی و پەرلەمانیەکانی کوردستاندا "لیستی ئازادی و عەدالەتی کۆمەلایەتی"ی حیزبەکەیان بە "لیستی چەپ" دەناساند، بەڵام جگە لەوەی کە بەواقعی و بە عەمەلی ئەم حزبە لە بەرەی ڕاستدایە، لەڕووی فەرهەنگی سیاسیشەوە، وەك "دروشم"یش دوو دێری سەر کاغەز نابینیتەوە کە بە فەرمی ئەو حزبە خۆی وەک حزبێکی چەپ پێناسە کردبێت، ئەو ئیدیعایەی نەبووە و نیە، ئەوە تەنها چاوێلکەی ئاوات و ئارەزووی ئەو کادر و ئەندام و هەڵسوڕاوانەیە کە حەزدەکەن حزبەکەیان ئاوا ببینن.

جێگەوڕێگەی واقعی (حشک) بە تەعبیری ژورناڵیزمی ڕۆژئاویی حزبێکی دەستەڕاستی میانەڕەوە (یەمین ئەلوەسەت). ئەوە هەڵەیە کە وا بزانرێت حزبێکی ڕیفۆرمیستە، چونکە لەناو ناڕەزایەتیەکانی جەماوەر و ئەو بزوتنەوە کۆمەڵایەتیانەدا قەراری نەگرتووە کە دژی دەسەڵات هاتوونەتە مەیدان، تا بڵێین خەتێکی شۆڕشگێری نیە دژی دەسەڵات و خەتێکی ڕیفۆرمیستی هەیە لەناو بزوتنەوە کۆمەڵایەڵایەتی و ناڕەزایەتیە جەماوەریەکاندا. گرفتی (حشک) زۆر لەوە گەورەترە، وەك دەڵێن "گرێ کوێریە"کە بۆخۆی، سەرەتا دەبێ دەستی ڕابەرایەتیەکەی بشکێندرێت کە لە کلکی دەسەلات گیربووە، پاشان کێش بکرێتە ناو مەیدانی بزوتنەوە ناڕەزایەتیەکان و جا لەم مەیدانەدا شەڕی چەپ و ڕاست، شەڕی شۆڕشگێری و ڕیفۆرمیست بوونی لەگەڵدا بکرێت.

b) غیابی جەسارەت و شەهامەتی سیاسی.

سەبارەت بە بەشی یەکەمی پرسیارەکەش. وەك دەڵێن ئەم هەویرە ئاو زۆر هەڵدەگرێت من تەنها وەك سەرخەت لێرەدا ئاماژە بە دوو خاڵ دەکەم. ئەویش یەکەم ئەوەیە کە دەبێت سەرەتا هەم بەرەسمی و بە دۆکیومێنتەوە، وە هەم بەعەمەلی لە ناو بزوتنەوە ناڕەزایەتیەکاندا بیت و خەریکی ڕێکخستن و ڕابەرایەتیان بیت بە دژی دەسەڵاتی خۆماڵی کوردەواری. ئەمەش کافی نیە بەڵکو خاڵی دووەم و لەیەکەم گرینگتر ئەوەیە کە دەبێ <u>ستراتیژی گرتنەدەستی دەسەڵات هەبێت لەڕێگەی ئەو بزوتنەوانەوە</u> بۆ تێکشاندن و هەڵپێچان و وەلانانی ئەو دەسەڵاتە و دادگایی کردنی سەرانی گەندەڵیان و دەستبەسەراگرتنی مومتەلەکاتەکانیان، ئەوانەی کە سامانی سەرزەوی و ژێر زەوی کوردستانیان حەپەلوش کردوە، ئەوانەی کە دەستیان سورە بەخوێنی، سۆران مامە حەمەییەکان، سەردەشت عوسمانەکان و کاروان گەرمیانیەکان و چەندانی تریش.

ئەگەر چەپ جورئەت و شەهامەتی ئەوەی نەبێت وەک چۆن لەبەرامبەر ڕژێمی بەعسدا هاتبۆ مەیدان و دژایەتی دەکرد، ئاواهی بەو شەهامەتەوە پەرچەمی دژایەتی ئەو دەسەڵاتە کوردیە و هەڵپێچان و وەلاانی هەڵنەگرێت، خوازیاری دەستبەسەراگرتنی مومتەلەکاتەکانیان و دادگایی کردنیان نەبێت، وە بزوتنەوە ناڕەزایەتیەکان بەم ئاسۆ فکری و سیاسیەوە ڕێکخراو و ڕابەرایەتی نەکات، کەس ڕیشی خۆی ناداتە دەست چەپ و شیوعیەت، کەس چارەنوسی منداڵەکانی ناسپێرێت بە چەپ و شیوعیەت. نەك هەر ئەوە بەڵکو ئەگەر چەپ و شیوعیەت خاوەن ئاڵتەرناتیڤێک نەبێت کە جێگەی ئەم دەسەڵاتەی سەمایە و بازاڕی ئازاد و پەرلەمانە کارتۆنیەکەی بگرێتەوە بە دەسەڵاتدارەتیەکی پشتبەستوو بە شۆرا و کۆمۆنەکانی هاوڵاتیان بۆ بەڕێوەبردنی وڵات، ناتوانێت هیچ هەنگاوێك هەڵبهێنێتەوە بۆ زاڵبوون بەسەر شکست و لاوازیەکانی خۆیدا.

لە باسێکدا بە ناونیشانی (ئەناتۆمی کۆمۆنیزمی کرێکاری کوردستان) زۆر لەسەر مەسەلەی ستراتیژ، خەتی فکری-سیاسی و ئاڵتەرناتیڤ دواوم، کە لە ئایندەیەکی نزیکیشدا وەك نامێلکەیەك چاپی دەکرێ. هیوادارم کۆمەگیەک بکات بە کۆشش و دیالۆگێک لە ڕاستای زاڵبون بەسەر شکست و لاوازیەکانی بزوتنەوەی چەپ و کۆمۆنیستی کوردستانی عێراقدا.

nadr1506@yahoo.com

کۆتایی تەمموزی 2016.